شاناز ئیبراهیم ئەحمەد: هیچ بیانوویەک بۆ بەردوومانکردن نییە



شاناز ئیبراهیم ئەحمەد خانمی یەکەمی عیراق لەبەیاننامەیەکدا ئیدانەی هێرشەکانی سەر هەولێر دەکات و رایدەگەیەنێت:"هیچ بیانوویەک نییە بۆ چەندبارەبوونەوەی بەردوومان و بەزاندنی کایەی ئاسمانی و سەروەری خاکی عیراق، دەبێت سنورێک بۆ ئەو دەستدرێژییانە دابنرێت".

راشیگەیاندووە:"بەنیگەرانییەکی زۆرەوە چاودێری ئەو دۆخە ئاڵۆزە ئەکەین کە شەوی ڕابردوو بەهۆی بەردوومانە هەڕەمەکییەکانی سەر شاری هەولێرەوە سەریهەڵدا کە جگە لەدروستبوونی ترس و دڵەڕاوکێ، ژمارەیەک هاوڵاتی بێ تاوان بوونە قوربانی، بەردەوامیی ئەم هێرش و پەلامارانە کەلەناوچە سنورییەکانەوە دەستیپێکرد و ئێستاش ناو شارەکانی هەرێمی کوردستانی گرتووەتەوە، ژیان و ئارامی و سەقامگیری دەشێوێنێت".

هەر لەبەیاننامەکەدا شاناز ئیبراهیم ئەحمەد ئاماژەی بەوەکردووە:"هیچ بیانوویەک نییە بۆ

چەندبارەبوونەوەی بۆردوومان و بەزاندنی کایەی ئاسمانی و سەروەری خاکی عیراق، دەبێت سنورێک بۆ ئەو دەستدرێژییانە دابنرێت، دەبێت سنورێک بۆ ئەو دەستدرێژییانە دابنرێت کە پێشێلکارییەکی تەواوی یاسا نێودەوڵەتییەکانە و هاووڵاتیان دەکاتە ئامانج و ژیانیان دەخاتە مەترسییەوە".